# زمانی هەڕەشە گوزەشت

**عومەرشەریف**
rojbin@maktoo.com



ماوە نا ماوەیەك دەنگێك لەتورکیا بەرز دەبێتەوە و دیکاتە هاوار و زریکەو هەڵلاَ لە کوردستان داوای جودا خوازی و ئامادەباشی هەیە بۆ دەوڵەتی کوردان ، ئەم هاوار و سنگ کوتانە بەدەر نی یە لەباسی کەرکوك ، بیانوی جۆراو جۆر ئەدۆزنەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ هەر باسێك (کەرکوك)ی تیادا بێت ،رەنگە شینەکەی هەر بۆ ئەمە بێت بەخەونی ئەوان رۆژێك تورکیا کەرکوك بۆ خۆی ببات!!! ، دواین لێدوانی بەرپرسە تورکەکان لەلایەن وەزیری دەرەوە عبداللە گولەوە بوو ،ئاراستەی سەرۆکی عێراقی فیدراڵ و سەرۆکی هەرێمی کوردستانی دەکات ، بەزمانی هەرەشە و گوڕەشە خۆی ووتەنی بیرمان دەخاتەوە کەکورد خەریکە توشی چەند هەڵەیەکی گەورە ببێت!! (دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان ، کوردستانیەتی کەرکوك ، یارمەتی پەکەکە ... هتد) تورکیای تۆقاندووە؟! زمانی لێدوانەکەی گول بەشی!ٚ وەیەکە ..گوایە ئێستا لەبەربوونی ئەمریکا ناتوانن لەگەڵ حکومەتی کوردستان و دەستەڵاتی هەرێم سەغەڵەتی بکەن ، وەك دەڵێ رۆژێك دێت ئەمریکا لێرە (ناوچەکە) دەڕوات( ئەمڕۆ یاسبەی) کوردستان لەگەڵ تورکیا رووبەروو دەبن ؟!

جاریَ بەپیَ ی گەڕانەوە بۆ مێژووی پازدە ساڵی رابردوو بگەرێنێنەوە دەبینین سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان وحکومەتی هەرێم لایەنەکانی تریش، کە ئەمریکاش ئەو هێزەی ئێستای لە ناوچەکە نەبوون جگە لەشەڕی بەعس شەڕی تریش دەکردو نەء و نەخێرەکانی سەبارەت بە خواستە مل هوڕانەکانی تورکیا زیاتر بوون ، لەکاتی ئازادی ئێراق سەرۆك بارزانی بوو بە ئەمریکا و تورکیشی ووت سوپای تورکیا نە لەکوردستانەوە دێتە ئێراق ونەدێتەکوردستان بۆمانەوە ،ئەو کات سوپای ئەمریکا هاتە دیاربەکر و گەڕایەوە!! بیانوی ناڕەامەند بوونە پەرلەمانی تورکیان هێنە دروست کردن! بەلاَم سەرۆك بارزانی بەپشت بەستن بە حکیمەت و لێزانی خۆی و هێزو توانای لایەن و جەماوەری کوردستان!  ؛ نەخێرێکی گەورەی بەڕودادان کە تامردن کورد ئەم هەڵوێستە لە بیر ناکەن وشانازی پێوە دەکەن، وێرای وێرانی کوردستان چەند ئابلۆقەی ئابوری ناخۆشی ژیانی خەڵك و دوو ئیدارەیی و بوونی بەعس لەو کاتەدا ، تورکیا چەند کارتی بەکار هێنا دژ بە کوردستان بۆ ئەوەی مەرجەکانی بسەپێنێت ؟بەلاَم چونکە زمانی هەڕەشەی مایە پوچ بوو سەری نەگرت و لە توشی زیانی ئابوری بۆ تورکەکان بەو لاوە هیچی تری دەست نەکەوت ، ئێستا تورکیا بەهەردوو دەست لەدەرگای ئەوروپا ئەدات بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامی بازاری هاوبەشی ئەوروپا ، لایەنی بەرانبەریش دەیان مەرجیان بۆ ئەم ئەندامە بوون و بە ئەورپایی بوونە هەیە کە تورکیا عەیامێکە خەونی پێوە دەبینیَ، سەرەکی ترینیان ئازادی رادەربرین و مافی مرۆڤ و چاکسازی ئابوری و دوورخستنەوەی جەنەڕاڵەکانە لە دەستەلاَتە مەدەنیەکان ودانی مافەکانی کورد و نەتەوەکانی ترە و دادنان بەتاوانی دژ بە کۆمەڵکوژی ئەرمەنیەکان وپابەندبوون بە بەها دیموکرات! یە بنە ڕتیەکان و000 هتد0

گول لەبیری چووە یا لەبیری خۆی دەباتەوە ئەو لەگەڵ کەسێك دەئاخفیَ کە سەرۆك کۆماری وولاَتێکی سەربەخۆیە و بەهەڵبژاردن هاتووتە دەسەلاَت لە ئاکامی گەمەی سیاسیانەی گەلی کوردە کە رۆڵی بەرچاوی لە عێراق و ناوچەکە هەیە،عێراق ولاَتێکە سنور و پەرلەمان و حکومەتەکەی شەرعیەتی نێودەوڵەتی هەیە ، سەرۆك مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە شەرعیەتی لە پەرلەمانی گەلی کوردستانەوە وەرگرتووە ، کەباس لەکەرکوك دەکات ئەوە پارێزگایەکی ئێراقە و پەرلەمانی ئێراق و دەستوری ئێراق مادەیەکی بۆ تەرخان کردووە کە بەمادەی (140) ناسراوە و بودجە و لیژنەیەکی بۆ ئاسایی کردنەوەی داناوە بۆ گەرانەوەی بۆ سەر هەرێمی کوردستان ، دوور نزیك نە پەیوەندی بە تورك و نە سنوری لەگەڵ تورکیا هەیە و نەکەسیش پرس بەو دەکات بۆ یەك لای کردنەوەی چارەنوسی کەرکوك ، تورك بەو شێوەیە

باس لە کەرکوك دەکات، ئایا ! ڕێگە ئەدات ئێراقیەکات چ جای کوردەکان باسی کوردستانیەتی ماردین و شرناخ و دیاربەکر و قارس و سیواس و ئورفە و ئەسکەندەرونە بکات؟! ، کە ڕاستیەکی بێ غەل و غەشە ، ئەشێ لە ڕابردوو ئێمە وەکو کورد زۆرمان مەبەست بووبێت پەیوەندی چاکمان لەگەڵ تورك هەبێت و بەرژەوەندیمان لەوەدابووە و تاقە دەرگای دەرەوەمان بووە کە ئێستاش مەبەستمانە ! بەلاّم ئێستا هەموو دەرگاکان ئاسمانی و ووشکانی  و(فرۆکە خانەی نێودەوڵەتی هەولێر و سلێمانی) و ئێراق شوێنەکانی تر کرایەوە و ڕۆژانە ڕاستەو خۆ دێنە کوردستان  لە کوردستانەوە دەڕۆنەوە، کورد ئێستا وەکو قەوارەیەکی فیدراڵی نیمچە دەوڵەت مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت ،نوێنەرایەتی لە زۆربەی ولاّتانی دنیا هەیە،زۆر لە ولاّتانی دنیاش بۆ بەرژەوەندیە هاوبەشەکان ڕوو لەکوردستان دەکەن و عێراقیەکان بە نەوایەکی ئارامی دەزانن، گەورەترین خێر و بەرەکەتیش بۆ بازرگانانی تورکە لە کوردستان کەدەیان کۆمپانیایان لە کوردستانە ، حکومەتی هەرێم لەماوەی دەسەلاّتی پازدە ساڵی ڕابردووی خۆیدا هە! ڕەشە نەبووە بۆ سەر هیچ کەس و دەوڵەتێك و زۆر جاریش یارمەتی و هاوکاریّ کی باش بووە بۆ ئاشتەوایی و بەرقەرار بوونی ئاسایش و سنورەکان ، ئەم زمانی ئاخاوتن و هەرەشەیە دەمێکە بەسەر چووە لە هێچ بازاڕێکدا  پولێکی قەلّپ ناکات ،سەدامیش لەم هەڕشانەی زۆر دەکرد پەنجەی ڕادەوشاند!،ئەوەش چارەنوسی هەڕشەکانیەتی کەهەر چرکەیەکی مردنێکی ڕاستەقینەیە ، ئەزمونی مێژوویش زۆرە هەر کەس و دەوڵەتێك ئەم زمانی هەرەشەیەی بەکار هێنا بێت و خێری لێ نەدیبووە ، نەخاسمە بۆ تورك پاشماوەی ئیمپراتۆریەتیەکی گەورەو ئێستاکە بەنیازی ئەوروپایە ، ناوچەکە چاوەروانی گۆرانکاری گەورە دەکات، بیگومان پشکی ئەوانیشی تێدا دەبێت و ولاّتی تازە و دارشتنەوەی جارێکی تری سنورەکان ،  بیست و پێنج ملیۆن کورد لەتورکیایە ،دەبیّ بگەنە مافەکانی خۆیان ، قەوارەی کوردستان ڕۆژ لە دوایی ڕۆژ زیاتر دەچەسپیّ و دنیا بەو ئاقەرەدا دەڕوات مامەڵەی سیاسی و ئابوری لەگەڵ دەکەن ، ئەگەر بیر و ئایدۆلۆژیەتی ڕاست و واقعی  وعاقلاّنە هەبێت ئەوە تورکیا گەورەترین سوودمەند دەبێت ،لەم ئ! ەزمونەی کە لەکوردستان هەیە ، ئەگەر تورکیا بە تەمایی ئەوە بێت ئەمریکا ناوچەکە بەجیّ بهێلّێت و ئەو تراتێنی خۆی بکات خەونی گەورە بوون ببینیّ لە ناوچەکە !ئەمەیان لە خەونی خۆشتر نزیك ترە تا لە بەدی هاتن ، هەق وایە تورکیا بچێت کێشەی قوبرس و پەکەکە و ئەرمەنیەکان چارەسەر بکات ئەزمون لە ڕابردووی خۆی و ئیمپراتۆریەتی عوسمانلی وەربگرێت!  با عەقلّیەتی هەڕەشە و عەسکەر بخاتە مۆزەخانەو خەریکی کێشەکانی خۆی بێت ودەستێوەردان لە لەولاّتانی تر نەکات، سەیر بکات کە تەنها شەڕی لەگەڵ پەکەکە دەیان ملیار دۆلار زیانی بە ئابوری تورکیا گەیاندووە 0

چوون بۆ ئەورپای پڕئازادی و بازاڕی ئازاد و جیّ بەجیّ کردنی مافەکانی تاك و قبولّ کردنی ڕای بەرانبەر ودانانان بە مافی گەلانی تر،بەجلی سەربازی تەق و تۆقی تۆپی تەیارەوە نابێت  و بڤەیە!!تورکیا بە تەمای ئەوەبێت ئاسایشی بەرقەراربێت و پاراستنی خاك و سنوری خۆی بێت و ڕێزی لێبگیرێت ، وەك دەرهاوسێیەکی باش،دەبیّ دەست لەهەڕەشە و چاو سورکردنەوە ودەست تێوەردان و بەکارهێنانی کارتی دۆڕاو هەڵبگرێت،چونکە دەمێکە ئەم زمانە و بە سەر چووە کەس لێ ی تێناگات 0